

# گرێ کوێرە

**بەهرام سادقی**
**لە فارسییەوە: ئەنوەر عەرەب**
**(بۆکان)**

**«شتێکی نادیار هەیە وەک دەست کە نایبینم، بەڵام هەستی پێ دەکەم و تێی دەگەم،
پاڵم پێوە دەنێ بەم لا و بەو لا...»**

– ئەها! برێک سەرتان هەڵێنن، نێوچاوانتان تێک مەنێن. پێ بکەنن. چاوتان لە کامێراکە بێت، تا سێ دەژمێرم، وریا بن نەجووڵێنەوە دەنا وێنەکەتان جوان دەرنایە، ئامادە! یەک، دوو، سێ...

* * *

پاش دوو شەو، بە پلیکانەکانی وێنەگری هەڵگەڕا سەرێ تا وێنەکەی وەرگرێتەوە، قەبزەکەی وێنەگری لە ناو دەستیدا دەگوشی، وەبیری دەهاتەوە کە دوو شەو پێش، وێنەگرەکە پرسیبووی:
– نێوی ئاغا؟
ئەویش نێوی خۆی پێ گوتبوو
– شەش لە چوارێکی سادە؟ ئەی کارت پۆستاڵی؟
ئەویش وەڵامی دابووەوە:
– یەک دانەش لەو.... بۆ نموونە.
– سبەی شەو حازرە... کاتژمێر هەشت.
دەرگاکەی تەواو نەکردبووەوە، چاوی بە کاتژمێرەکە کەوت وا لە هەشتی لادابوو، لای خۆی ورتەورتی کرد:
– تا ئێستا حەتمەن ئامادەیە.
شاگردی وێنەگرەکە وا لە پشت مێز دانیشتبوو، قرچە پێ لە بەری هەستا و ئەویش دوای ئەوەی وەڵامی سلاوەکەی دایەوە لەسەر کورسییەک دانیشت، بە نامۆییەوە سەیرێکی شاگردەکەی کرد:

– وا دیارە بۆ خۆیان تەشریفیان لێرە نییە؟
– با...با... ئەلان لێرە بوون.
– ئەو قەبزە...
قەبزەکەی دەرهێنا، لە گیرفانی و لەسەر مێزەکەی دانا، شاگرد وێنەگرەکە دەستی دایە و خوێندییەوە و بەرێزەوە سەرێکی جوولاند:
– بەڵێ قوربان، هی ئەم شەوە، بەڵام دەبێ ڕاوەستن تا بۆ خۆی دێتەوە.
دەیوست وەڵامی بداتەوە: "کاروبارمان هەیە"، تەنیا کوتی: "کاروبار..." و لە نێو کورسییەکەیدا ڕۆچوو، شاگردەکە دەیزانی ئەو کاروبارەکەی جێ هێشتووە تا بێت و وێنەکانی وەرگرێتەوە و ئێستاش کە وێنەگرەکە لەوێ نییە، ناڕاحەتە، بەڵام ئەو چی لە دەست دەهات؟ بە چاکی زانی خۆی بە شتێکەوە خەریک بکات، دەستی بە ئەلبۆم هەڵدانەوە کرد، ئەو دیسان پرسییەوە:
– نایە؟
– بۆ نایە؟ هەر ئێستا...
– ئەو سەیری ئەو وێنانەی کرد وا بە دیوارەوە هەڵواسراون...

* * *

دوای چارەگێک، وێنەگر هات، ئێستا نەگەیشتۆتێ سەری قسەی کردەوە:
– بە خێرهاتن قوربان.
بە شاگردەکەی کوت:
– زۆر لەمێژە ئاغا تەشریفیان هێناوە؟
دیسان بە ئەو : ئێستا دەیدەمە خزمەتتان.
ئەو لەسەر کورسییەکەی هەستا و هاتە لای مێزەکە؛ هەردوو دەستی لەسەر لێوارەکەی دانا، وێنەگر وێنەکانی لە کارگە هێنا:
– دابزانم هەوە؟ بەڵێ، خۆیەتی.
ئەو دەستی هێنا و وێنەکانی وەرگرت، بڕێکی چاو لێ کرد، پاشان:
– ئەوانە هەو نین، هەڵەتان کردووە.
– چۆن؟ فەرمووتان....
– هەڵەتان کردووە، من سمێڵم نییە، ئەو وێنانە سمێڵییان هەیە، پاشان من کڵاو لەسەر ناکەم.
وێنەگرەکە گورجێ وێنەکانی وەرگرتەوە و بە سەرنجەوە لەوان، پاشان سەیری قەڵافەتی ئەوی کرد:
– سەیرە..، بەڵام زۆر وێک دەچن.
– وێک دەچین؟ وێکچوونەکەتان چی عەرز کەم... من ئیدی سەرەندەری ئەوەی ناکەم.

وێنەگر کەمێ شانەوشانی کرد و شاگردەکەی تاوێک لەوە پێش ڕۆیشتبووە دەرێ ( لە بەر ئەوەی نەیدەزانی چی بکا و بە باشی زانیبوو کە بڕواتە دەرێ)، ڕۆیشتەوە بۆ کارگە و دەستەیەک وێنەی تری هێنا و لەسەر مێزەکە بڵاوی کردنەوە، هەر وا کە سەیری دەکرد لە ژێر لێوەوە کوتی:
– ئەوانە کە نین.
وێنەی کچێک بوو.
– ئەوەش کە نییە.
هی ژنێک بوو.
– ئەوەش نا.
هی منداڵێک بوو.
– ئەوە؟
سەیری وێنەکە و ئەوی کرد:
– ئەوە زۆر لە ئێوە دەچێت، کڵاویشی نییە، بەڵام دیسان سمێڵی هەیە.
ئەو سەری هێنا پێشێ:
– دا بزانم... کڵاوی خۆ نییە...
ئەو درێژەی پێ داوە:
– ئاخر " ئەوە زۆر لە ئێوە دەچێت" یانی چی؟ من چۆن بزانم هی منە؟ من کە دەموچاوم نابینم، لە بیرم نایە چۆنە، مەگەر ئێوە نەزم و نیزامێکتان نییە کە وێنەکان تێکەڵ نەبن؟ ژمارەیان لێ نادەن؟
– بۆ چی؟ ژمارەیان لێ دەدەین، نەزم و نیزامیشمان هەیە، بەڵام ئاخ لە دەست ئینسانی ناشی، ئەو شاگردە هەمووی بەیەک داداوە، تێکەڵی کردووە، بۆ وێنە سەیر بفەرموون، سێ دەستە وێنە هەیە کە هەموویان ژمارە قەبزی ئێوەی پێوەیە، سەری پیری کارمان کرد، شاگردمان هێنا! هەر دەڵێی لە پشت کێوەوە هاتووە، هیچ شتێک نافامێ.
– ئاخریەکەی تەکلیفی ئێمە چییە؟ تا کەی لێرە ڕاوەستین، کاکی وێنەگر؟
کاکی وێنەگر دیسان بە وێنەکاندا هاتەوە.
– ئەوەش کە نییە.
وێنەی بینایەکی مێژوویی بوو.
– ئەهانێ... خۆیەتی.
ئەو وێنەکەی ڕفاند:
– چۆن خۆیەتی؟ هیچ کوێی لە من ناکاڵێتەوە، من کۆتەکەم کەی ئاوا بوو؟
وێنەگر دانیشت، بە وەڕەزی وەڵامی دایەوە:
– ئیتر پێوەندی بە ئێمەوە نییە، ڕەنگە پێری

جلەکانتان هەر ئاوا بووبێت، ئەمڕۆ گۆڕیبێتتان.
– قەت قەت.
وێنەگر دیسان هەستا، شانێکی هەڵتەکاند:
ئیتر هیچ وێنەیەکی ترمان لیرە نییە. یەکێک ئە... لە وانەیە...
ئەویش ددانە چیرەی دەکرد، کاتێ کەمێک ئارام بووەوە کوتی:
– ئەوانە وێنەی من نین، شەش دانە وێنەی شەش لە چوار و لەگەڵ یەک دانەی کارت پۆستاڵی، پارەتان وەرگرتووە دەبێ پێم دەی...
وێنەگر سێ دەستە وێنەی لەبەردەم ئەو دانا.
– قوربان، بۆ خۆتان پێشکەشە، تووڕەبوونی ناوێ، وەڵلا من کە سەرەندەری ناکەم، هەر سێکیان لە جەنابتان دەچن، وێنەی جەنابتانە. یەکیان بە سمێڵ و کڵاوەوە، یەکیان بە سمێڵ و بێ کڵاو و ئەوی تریشیان هەم بێ سمێڵە و هەم بێ کڵاو، هەرکامیانت پێ خۆشە هەڵیگرە....
– پێم خۆشە؟ مەگەر بە پێخۆشبوونە؟ کاکی بەڕێز! کاکی وێنەگر!، یان سەرت لە جێیەک کوتاوە، یان گەمەم پێ دەکەی، تۆ مەگەر کاسبکار نی، کرپارت نەبووە، ناتەوێ کاروکاسبی بکەی؟ لە کوێی دنیا کاتێ کەسێک دەچێ وێنەکەی وەرگرێتەوە، سێ جۆر وێنەی لەبەردەم دادەنێن، گاڵتەی پێ دەکەن، دەڵێن هەر سێکیان وێنەی جەنابتانە، هەر کامیانت پێخۆشبوو هەڵیگرە؟ پێرێ کە وێنەکەم دەگرت مەگەر کوێر بووی؟ نە سمێڵم هەبوو، نە کڵاوم هەبوو، نە کۆتەکەشم ئاوا بوو.
وێنەگر لە دین چووبووە دەرێ، هەر دوو دەستی وێک کوشێن و هەوڵی دا خۆی ڕاگرێ، بە ڕێزەوە و کەلیمە بە کەلیمە وەڵامی دایەوە:
– ئەوانە هەمووی ڕاستن، هەمووی قسەی تەواون، منیش قەبووڵمە. وەڵڵا خەتای ئەو شاگردە کەروگەوجەی منە کە ئەوانەی تێکەڵ کردووە، ژمارەکانیشی پێکدادادوە دەنا هەر یەکەم جار بێ ئەوەی مەحتەڵ بن دەمدا خزمەتتان، ئەو هەموو قسە و شەڕەچەلەحانەیەشی نەدەویست، بەڵام من ئەوەم پێ سەیرە چۆن ئەو سێ وێنەیە لە ئێوە دەچن، هەر دەڵێی بۆ خۆتانن! ئێستا نازانم هی ئێوەیە، یان هی کەسێکی تر وەک ئێوە... لە ئەسڵدا نازانم وێنەی ئێوە چۆن دەرهاتووە.... ئاخر چۆن وا دەبێ.... ئاخر چۆن ئێوە قیافەی خۆتان ناناسنەوە؟
– مەگەر ئێوە لێکی دەکەنەوە تا من بیکەم؟
– بۆ نایکەم؟ ئەڵحان وێنەیەک لە من نیشان بدەن، هی هەر کاتێک بێت، خێرا دەڵێم هی منە، یان نا! پێم سەیرە...!
– پێت سەیرە؟ مەگەر پێویستە هەموو عالەم وێنەکانیان لێک بدەنەوە؟ ئێستا تۆ وێنەگری و کارت ئەوەیە، کامە مریشک هێلکەی خۆی دەناسێتەوە؟ بزانە چۆن خەڵکی فریو دەدەن، سێ چوار ڕۆژ مەحتەڵیان دەکەن، لە کاروباریان دەخەن، پاشانیش ئاوا وەڵامیان دەدەنەوە...
وێنەگر خەریک بوو دەست بە گریان بکا، ئاوێنەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بەو:
– ئیدی ئەوە خۆ هاسانە، سەیر کە! بزانە لە وێنەکان دەچێ، یان نا؟
ئەو ئاوێنەکەی وەرگرت و سەیری کرد، پاشان هەروا کە ئاوێنەکەی بە دەستەوە بوو لەسەر کورسییەکە دانیشت، لەبەر خۆیەوە بە تاڵی منگەمنگێکی هات.
پاشان لە پڕ ئاوێنەکەی دایەوە بە وێنەگر و بە هەر دوو دەستی سەری خۆی توند گرت، وێنەگرەکە بە سەبری پرسی:
– دیتت؟
ئەو هەستا، دیسان چووەوە لای مێزەکە، وێنەکانی هەڵگرت و چاوی لێ کرد و دایەدەست وێنەگرەکە، وێنەگر کوتی:
– ئەگەر دانیشن خاوەنی ئەو وێنانە هەموویان دێن، خراپ نییە هاوشێوەکانی خۆت بناسی.
ئەو بۆ لای دەرگا ڕۆیشت:
– هەمووی فێڵ و تەڵەکەیە، ئەوانە هیچیان وێنەی من نین، دیار نییە وێنەی ڕاستی من چۆن دەرهاتووە. ڕەنگە وێنەی منت هەر نەگرتبێ، قوربەسەرتان بۆ وێنەگرتنتان.
کاتێ ئەو چووە دەرێ، وێنەرگر وەک شێت بە دەور دیوەکەدا دەسووڕایەوە.
– خودایە، خەریکە شێت دەبم، چۆن خۆی نەناسییەوە؟ چۆن ئەو وێنانە هەمووی لەو دەچوون؟ خەریکە... خەریکە خۆم لە پەنجەرەوە فڕێ بدەمە خوارێ.
شاگردەکەی هاتە ژوورێ:
– کابرا وێنەکانی وەرگرتەوە؟ دیتم چووە لای وێنەگرەکەی بەرانبەرمان.

**سەرچاوە:**
**سنگر و قمقمه های خالی، بهرام صادقی، نشر نیلوفر، چاپ سوم/ ١٣٩٣.**